فڕۆکەخانەی کشتووکاڵی عەربەت بە درێن بەردوومان کرا و کوژراو هەیە

کەمێک پێش ئێستا، فڕۆکەخانەی کشتووکاڵی عەربەت بە درێن بەردوومان کرا و قوربانی لێکەوتووە.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە (18ـی ئەیلولی 2023)، موشەکێک ئاراستەی فڕۆکەخانەی کشتووکاڵی عەربەت کراوە و تا لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ زانیاریان دەربارەی ڕووداوەکە باو نەکردەتەوە.

بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، تا ئێستا بەڵایەنی کەمەوە شەش کەس بەهۆی بەردومانەکە گیانیان لەدەستداوە جگە لە بریندارەکان، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی مانگی سوپای پاسدارانی ئێران بە دور کەوتنەوەی حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان لە سنووری ئێران.